لە هەرشەکدا لەناو خاکی لوبنان سەربازێکی ئیسرائیلی کوژراوە و سێی دیکەش بریندار بوون

سوپای ئیسرائیل ڕۆژی سێشەمە ڕایگەیاند، لە هەرشەکدا لەناو خاکی لوبنان سەربازێک کوژراوە و 3 کەسی دیکەش بە سەختی بریندار بوون و بەمەش ژمارەی کوژراوان لە سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە زەمینییەکەی سوپای ئیسرائیل لە لوبنان گەیشتە 49 کەس.

سوپا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە کوژراوەکە ئەفسەری یەدەکی لیوای گەلان بووە و لە شەڕدا لە باشووری لوبنان کوژراوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان، سەربازەکە کوژراوە کاتێک درێنی خۆکوژێکی حیزبوڵڵا هەرشی کردەسەر یەکێکی سوپای ئیسرائیل کە لە باشووری لوبنان چالاکی دەکرد کە نزیکەی دوو کیلۆمەتر لە سنوورەوە دوورە.

بەمەش ژمارەی کوژراوانی سەربازانی سوپای ئیسرائیل دەگاتە 49 سەرباز کە لە 30ی ئەیلولەوە هەرشی زەمینی بە سەر خاکی لوبنان دەستپێکردووە.